ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیاری دا تا 31ی کانوونی دووەمی 2025 کۆتایی بە کارەکانی نوێنەرایەتی یونامی بهێنێت لەعێراق

ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاریدا کۆتایی بە ئەرکەکانی نوێنەرایەتی یونامی لە عێراق تا کۆتایی ساڵی 2025 بهێنێت، هاوکات ستایشی هەوڵەکانی حکومەتی عێراقی کرد لە یەکلاکردنەوەی کێشە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتە، هەروەها ستایشی پێشکەوتنی بەدەست هاتوو لە ئامانجەکانی لەبەرنامەی دیاریکراو و ئەولەویەتەکانی حکومەتی عێراقدا.

ئەنجوومەنی ئاسایش لە بڕیارنامەیەکدا ڕایگەیاندووە : ئەنجومەنەکە نووسراوەکەی حکومەتی عێراقی لە بەرواری 8ی ئایاری 2024 لەبەرچاو گرتووە، ئەنجوومەنیش بڕیاریدا بە درێژکردنەوەی ئیختیاری نوێنەرایەتیی هاوکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان بە عێراق (یەنامی) بە ماوەی کۆتایی 19 مانگ تا 31ی کانوونی دووەمی 2025، دوای ئەوە یونامی هەموو کار و ئەپراسیۆنەکانی لە پێیوەند بە تەسفیەکردنەکی ماوەتەوەی نوێنەرایەتییەکە بەپێی بڕگەی دوو ڕادەگرێت.

لە بڕیارنامەکەدا داوا لە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە کە هاوژ لەگەڵ حکومەتی عێراق بکات بە ئامادەکردنی پلانی ڕاگوزەر و پلانی تەسفیەکردن کە تا 31ی کانوونی دووەمی 2024 تەواو دەبێت، بە ئەوەی نوێنەرایەتی هاوکاری نەتەوە یەکگرتووەکان بە عێراق دەست بە گواستنەوەی ئەرکەکانی خۆی بکات، هەروەها کەمکردنەوەی وردە وردە و ڕەك و پێك و سەلامەتی کارمەندان و سەروەت و سامانەکەی

و کشانەوەیان بۆ ئەکوپەکی و سەلامەت، لەوانەش دیاریکردنی وادەی کۆتایی چالاکییەکانی تەسفیەکردن لە عێراق.

بەیاردرا بۆ ماوەی دیاریکراو لەسەر بنەمای ئەکارە کارگێییەکان و بەپێی یاسا و ئەسا دارایییەکانی نێتەو یەکگرتووەکان، پاراستنی یەکەکانی پاسەوانی لە چوارچێوەی نەردەی هاوکاریی نێتەو یەکگرتووەکان بە عێراق (یونامی) بە پاراستنی کارمەندان و ئیمکانات و موڵك و ماڵی نوێنرایەتییەکە، لەوانەش لە ماوەی تەسفیەکردندا، داواش لە حکومەتی عێراق دەکەین کە لە قۆناغی ئینتقالی نوێنرایەتی نێتەو یەکگرتووەکان بە هاوکاری عێراق (یونامی) هاوکاریی تەواوەتی لەگەڵ نێتەو یەکگرتووەکان بکات و کۆمکردنەوەی کارمەندەکانی و تەسفیەکردنی کارەکانی.

ئەنجومەنی ئاسایش لە بەیارنامەکەیدا ستایشی هەوڵەکانی حکومەتی عێراقی کرد لە یەکلاکردنەوەی کێشە ناوخۆییەکانی وەات و پێشکەوتن بەرەو گەیشتن بەو ئامانجانەی کە لە بەرنامە و ئەولەویەتەکانی حکومەتی عێراقدا هاتووە وهەروەها ئایگەیاندووە : چاودێری حکومەتی عێراق لە کۆمکردنەوەی چالاکییەکانی نوێنرایەتی نێتەو یەکگرتووەکان بە هاوکاری عێراق لە نامەکەیدا لە بەرواری 8ی ئایاری 2024 ئەنجومەنەکە داوا دەکات ئەمینداری گشتی ئەرکەکانی نوێنرایەتییەکە بەم شێوەیە سادە دەکات: بە پێشکەشکردنی ئامۆژگاری و پشتیوانی و هاوکاری تەکنیکی بە حکومەتی عێراق،کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و دامودەزگاکانی تری عێراق لە هەوڵەکانی بەهێزکردنی ئامادەکاری و ئەپراسیۆنەکانی هەڵبژاردن بە دەستبەرکردنی هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە، بە بەشداریەکی تەواو و یەکسان و مانادار و سەلامەتی ژنان، لەنێویاندا هەڵبژاردنی پەرلەمانیش هەڵبژاردنی فیدراڵی و پەرلەمانی عێراق بە هەرەمی کوردستان لە عێراق، لە ڕێگەی پرۆسەی شفاف و هەمەلایەنە، لەوانەش بە ئەنجامدانی پەداچوونەوەی تەکنیکی بەردەوام و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی ورد لەسەر ئامادەکاری و ئەپراسیۆنەکانی هەڵبژاردن، لە چوارچێوەی خولی ڕاپۆرتکردنی ئاسایی بە ئەمینداری گشتی.